**ئایا دافۆس نایەکسانی کەم دەکاتەوە؟**

عەلی مەحمود

بەشی یەکەم

کۆربەندی ئەمساڵی دافۆس 55 وەك ساڵانی رابردوو لە چیاکانی ئەڵپ لە شارۆچکەی دافوس لە 20 بۆ 24ی ئەم مانگە لە ژێر دروشمی ( هاوکاری لە پێناو سەردەمی زیرەك ) , هاوکات لەگەڵ پرۆسەی سوێند خواردنی ترامپ برێوە چوو, ملیاردێرە بەشداربووەکانی دافۆس شاگەکە ببوون بە هاتنەوەی ترامپ.
ئەمساڵ کۆرِبەندەکە بە بەشداری زیاتر لە 3000 کەسایەتی لە ناویاندا 60 سەرۆك و سەرۆك وەزیران, زیاتر لە 1600 سەرکردەی بازرگانی ، لەنێویاندا زیاتر لە 900 بەرێوەبەری جێبەجێکار و سەرۆکی دەستەی بەرێوەبەرایەتی لە ئەندامان و هاوبەشەکانیکۆربەندی دافۆس، زیاتر لە 120 داهێنەر و پێشەنگی تەکنەلۆژیای جیهانی، و زیاتر لە 170 سەرکردەی کۆمەڵگەی مەدەنی لە 130 وڵاتەوە بەشدار بوون.
دافۆس کۆبونەوەی ملیاردێر و سەرمایەدارە گەورەکانی جیهانە, کۆبونەوەی پاراستنی سەرمایەدارانی لیستی فۆربیسە, ئەوانەی سیاسەت و ئابووری و دارایی جیهان ئەمرۆ بەرێوە دەبەن.
سەرمایەداری جیهانی لە رێگای چەندین تۆرەوە خۆیان رێك خستووە, یەکێکیان کۆربەندی دافۆسە.
زیرەکی دەستکرد و کاریگەرییەکانی لەسەر داهاتووی ئابووری جیهان, کاریگەری لەسەر کۆی بەرهەمی نەتەوەیی جیهان, لەسەر کار و ژیان, گۆرانکارییەکان سوریا و لوبنان, جەنگی ئۆکرانیاو روسیا، جەنگی ئیسرائیل-غەزە و پرۆسەی ئاشتی ، هێرشی سەربازی ئەمریکا و بەریتانیا بۆ سەر حوسیەکانی یەمەن, گرتنی دەروازی باب المندەب لە دەریای سور, تەنگژەی دەریای باشووری چین و تایوان, شەری تەکنەلۆژیای چیپ لە نێوان ئەمەریکاو چین لە گرنگترین بابەتە سیاسییە گەرم و گورەکانی کۆرِبەندەکە بوون, لە 300 کۆبنەوە 200یان راستەوخۆ گواسترانەوە باسیان لێوە کرا.
لە کاتێکدا ئەمەریکا بۆ خۆی گەورەترین قەتڵگاکانی لە ماوەی 55 ساڵی رابردوو بەسەر جیهاندا سەپاندووە, هەڵگیرسێنەری زیاتر لە 80%ی جەنگە ماڵویرانکارییەکانی جیهان بووە, کەچی کۆربەندی دافۆس نیو سەدەیە لە ئاستیاندا لاڵ بووەو فزە ناکات, هیچکات جەنگەکانی ناکاتە بابەتی کۆربەندەکانی.
زیرەکی دەستکرد دەبێتە مامانی لە دایك بوونی شۆرشی پێنجەمی پیشەسازی؟؟و زیرەکی دەستکرد رۆڵی کارەبا و ئەنتەرنێتی رابردوو دەبینێت ؟؟.

لێرە بەشێك لە بابەتی میحوەرەکانی کۆربەندەکە بریتی بوو لە " سەرمایەگوزاری لە مرۆڤ, پاراستنی زەوی, دروستکردنەوەی متمانە, بازاری ئازاد...."، بەڵام خۆیان دژی هەموو ئەو پرنسیبانەن, پێشبینی دەکرێت 41% ی کۆمپانیاکان لە جیهان ئەمساڵ بەشێك لە هێزی کاریان بنێرنەوە بۆ ماڵەوە.
پارساڵ سەرۆکی تێسلا سەرمایەکەی بۆ 440 ملیار دۆلار بەرز بووە, کەچی داوای لە کرێکارانی تێسلا کرد لە پاڵ ماکینەکانی کارکردنەکەیان شەو بخەون

گەران بە دوای مرۆڤایەتیدا

گەران بە دوای مرۆڤایەتی بوون لە سستەمی سەرمایەداریدا محاڵە, لێ لێرە لەم دافوسە 55 ساڵە ئۆلیگارشیەکانی جیهان بە شێوازی خۆیان چیاکانی ئەڵپ بە دوای مرۆڤایەتی بووندا تەی

دەکەن, وەلێ نەگەیشتن پێی نە دۆزیشانەوە, وەك جیهانی دیلمۆن و بەهەشتی عەدەن, چیرۆکی ئەفسوناوی بۆ دەهۆننەوە بەڵام هەر ناشی دۆزنەوە.
کۆنگرە دوای کۆنگرە هەر خودی ئەمانە نا یەکسانی زیاتر دەکەن ژینگە پیستر دەکەن و شەڕ بەرفراوانترو گەورەتر دەکەن و چەکەکانیان وێرانکەرتر دەبێت, سستەمیش مەترسیدارتر, دەزگاکانی دەوڵەت دەوڵەتی قوڵ و قولتر دەبێت, دەپرسین ئایا دافۆس ئەم شارۆچکە 10732 کەسییە بەهەشتییە نوسخەیەکی باشتری سەرمایەداری پێیە بۆ مرۆڤایەتی؟, ئەم گەڕانەی سەرمایەداری بە دوای مرۆڤایەتیدا لە دافۆس شانۆگەرییەکەو لە ناچارییەوەیە, چونکە ئۆلیگارشییەکان هەست بەوە دەکەن بەهۆی خولقاندنی نایەکسانییەکەیانەوە ئابلوقە دراون لە جیهان, ئەمڕۆ راپرسییەکانی دەزگاکانی راگەیاندنی خۆیان دەریدەخەن نایەکسانی و پیسکردنی ژینگە و جەنگە یەك لە دوای یەکەکانیان بۆتە دێوەزمە, ناڕەزایەتییەکان لە دژیان رۆژو ساڵ لە دوای ساڵ رێکخراوترو رادیکاڵترو فراوانتر دەبن, ئەوانیش چارەسەریان تا ئێستا بۆ ئەم نەخۆشیە کوشندەیە نەدۆزیوەتەوە, تاکو ئەوان جیهان هەڵسوڕێنن ناشی دۆزنەوە, چونکە ڤایرۆسی دەردەکانی جیهان هەر خۆیانن, نەخۆشییەکە لە گیرفانەکانی ئەواندایە نەك لە چارەسەرییەکانیان.

**نایەکسانی زیاتر دەبێتەوە**

دافوس شوێنی یەکتر بینینی ئەوانەی هۆکاری کێشەکانی نایەکسانی و پیسی ژینگەو شەڕن. لەم 55 ساڵەی تەمەنی کۆڕبەندی دافوسدا ژمارەی دانیشتوانی زەوی لە 3,7 ملیاردەوە بۆ زیاتر لە 8,09% ملیارد زیادی کرد. لەو ماوەیەدا ژمارەی ملیاردێرەکان سەدان جار زیادی کرد, بۆ یەکەمجار لە مێژوودا 16 ملیاردێری خاوەند زیاتر لە سەت ملیار دۆلار هەیە لە جیهان, چواریان سەرمایەکەیان لە سەروی 200 ملیارەوەیە, یەکیان 440 ملیار دۆلار سەرماکەیەکی ئەویش ئیلۆن ماسکە, پارساڵ بیزۆس پاڵەوانی ژمارە یەکی سەرمایەداران بوون, ئەمساڵ رۆڵی خۆی دا بە ماسك, غەزە تەخت بووو ئۆکرانیا خوێنی لێ دەبارێت, بەفری گرینلاند توایەوەو ترامپ چاوی تێ بڕیووە, گەرمای هیندستان تینی سەند, خۆڵبارینی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سییەکانی لەکار خست, کەچی ئەمان هێشتا حەکایەتەکانی رابردوو دوبارە دەکەنەوە, باسی ژینگەو ئاشتی و یەکسانی دەکەن, تەنانەت بەخششەکانی گیتس و بافێت و 200 لە هەرە دەوڵەمەندەکانی ئەمەریکا هیچی لە دەردو بەڵاکانی سەرمایەداری وەك زەکاتەکەی لە مەڕ خۆمان چارەسەر نەکرد, بگرە قەیرانەکان توندتر بونەوە.
گیتس وێڕای بەخششەکانی لە دەیەی رابردو گەیشتە 45 ملیار دۆلار, کەچی 113 ملیار دۆلار قازانجی کردووە سەرمایەکەی بووە بە 166 ملیار دۆلار, رۆژانە داهاتی 1,3 ملیۆن دۆلارە. وارن یافتیش بەخشنترین سەرمایەداری جیهانە سەرمایەکەی تەنها لە 4 ساڵی رابردوو 55 ملیار دۆلار زیادی کردوە بووە بە 145 ملیار دۆلار, هەرچەندە لەو ماوەیەدا 27,54 ملیار دۆلار بەخششی کردووە.

ماویەتی

009647503714620